

# نوێگەری هزریمان، یان ئەو تێکەڵییەی هەموو جارێك سوودی نابێ؟

ن/یاسین الحاج صالح          و/ محەمەدی مشیر

لێکدانەوەی ئەڵمانییەکان لە مەڕ ئوممەت (الامه)، کە پشت بە رۆشنبیری و رەگەزدەبەستێ،گەلێ رۆشنبیری عەرەبی خۆرهەلاتی بەرەو لای خۆی راکێشاو کاری کردە سەر ئایدیای ئەوان لە بارەی ئوممەی عەرەب.لە چواچێوەی ئەم لێکدانەوە چییاتییەدا(الماهوی) بزاڤی نەتەوایەتی عەرەب لە نێوان دوو جەنگەکەدا پێکهات و دوای جەنگی جیهانی دووەم بووە بزاڤێکی پەرەگرتوو بەر لەوەی شکستی حوزەیرانی 1967 بەرەو لێژییەکی ببات کە پێدەچێ بێ بن بێت .

گرنگتر لە خوازتنی ئەم چەمکە لە ئەڵمانەکان نزیکبوونەوەیەك لە ئارادابوو لە نێوان هەلومەرجی مێژوویی عەرەبان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا- کاتێك

**کەرتگەلێك لە رۆشنبیران و چالاکانی خۆرهەلآت سەرسامییەکی گەورە و نارەخنەگرانە بە دیار دەخەن لە راست لیبرالیزمی تێکۆشەرانەی هاوشێوەی ئەمەریکی کە لە هیچ شتێکیدا جیاواز نییە لەو سەرسامییەی کە پێشترهەیانبوو بەرانبەر شیوعییەتی سۆڤییەتی**

هوشیاری ( ساطع الحصری ) و(زکی الارسوزی ) و (میشیل العفلق ) خەریکی پێکهاتن بوو- لەگەڵ هەلومەرجی ئەڵمانەکان لە سەرەتای سەدەی نۆزدوهەمدا کاتێك (ولفانگ فیختە )ئەو نامانەی نووسی کە ئاراستەی ئوممەی ئەڵمانی دەکردن ، بە تایبەتیش لە بارەی داتەپینی ئاستی سەرمایەداری و بۆرژوابوون و، بێهێزی چینی ناوەندو توخمە لیبرالّەکان لە رۆشنبیریدا و، زالبوونی بەهاکانی پلەوپایەی بە میرات بۆماوە بە سەر بەهاکانی بەدەستهێنان وئەنجامدان . چەمکی چییاتی لە مەڕ ئوممەت ، کە هاوبەشە لە نێوان عەرەب و ئەڵمان ، ناکۆکە لە گەڵ چەمکی گرێبەستانەی فەرەنسیدا کە لەو گووتەیەی (ئارنست رینان) دا پوخت دەبێتەوە کە دەڵێ : ئوممەت ریفراندۆمێکی رۆژانەیە .
لە گەڵ ئەوەشدا بۆچوونی فەرەنسییەکان لە مەڕ عەلمانییەت توانی دڵی هەڵبژاردەی سیاسی و رۆشنبیرە خۆرهەلآتییە تازەکان داگیربکات ، کە ئەویش بۆچوونێکی تێکۆشەرانەی سەرلێشێواوە لە راست هەر شێوە دەستێوەردانێکی ئایین نەك هەر لە دەوڵت دا بەڵکە لە ژیانی گشتیشدا.ئەمەش ناکۆکە لە گەڵ بۆچوونی شێوەکانی دیکەی عەلمانییەت کە نەرمترو ناگشتگیرتر بوون ولە ولآتانی ئەنگلۆساکسۆنیدا پێرەودەکران. ئەم بۆچوونە سەراوژێرکردنێکی سەرلەبەرو سادەی تیۆری ئیسلامی سیاسیی هاوچەرخە کە دین و دەوڵت یەکدەخا . لە کاتێکدا کە ئەم بۆچوونە ئیسلامییە راستییەکانی چەندایەتی ئایینی و مەزهەبی و هزری لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا پشتگوێ دەخا کە موسڵمانان تێیاندا زۆرینەن ، ئەوا بۆچوونی عەلمانی توندرۆی عەلمانیخواز هەست بە زەرورەتی بەخۆداچوونەوە ناکات لە کۆمەڵگاییێکی ئاییندا‌ردا کە ئایینەکەشی مۆرکێکی کۆمەلآیەتی بە هێزی هەیە .

هەروەها سۆسیالیزمی روسی ، بە شێوازی شیوعییەتی سۆڤێتی ، زیاتر لە نەوەیەکی لە رۆشنبیران وچالاکانی خۆرهەلاتی وعەرەب سەرسام کرد. دەستگرتن بەسەر دەسەلاتی دەولەت وخۆمالیکردنی کەرستەکانی بەرهەمهێنان لە سەردەستی حزبێکی شیوعی شۆڕشگێڕی توندڕۆ بەرنامەیەکی پێودانگی بوو بۆ شیوعییە عەرەبەکان ، لایەنی کەم تاکو کۆتایی شەستەکان .کەچی هەمەڕەنگی سۆسیالیزمی عارەبی ، بە ناسریەکان و بەعسیەکانیشەوە ، متمانەی کردە سەر نموونەی کۆمەلایەتی سۆڤییەتی هەتا لەو کاتانەشدا کە لە رووی ئایدیۆلۆژیدا دوژمنی شیوعییەت بوون.ئەم نموونەیە رۆلێکی بێ رکابەر دەبەخشێتە بیرو باوەڕی سیاسی دەسەلاتدارو رۆلی کاغەزی سپیش بۆئەو گۆمەلگە مەحکومە بە جێدەهێلێ کە (( پێشەنگی شۆڕشگێڕ)) بە پێی ئەوەی (یاسا بابەتییەکانی مێژوو) بە سەریدا دەیسەپێنن لە سەری بنووسێ ، کە ( سۆسیالیزم رێگا چارەیە).

لێرەشدا دیسانەکە مەسەلەکە پەیوەندیدارە بە کەوتنە ژێر کاریگەری و کارلێککردن بەلام مەرجەکانی دواکەوتن و ئحتیاجی گەیشتن بە رەوتی پێشکەوتن کە هاوبەشە لە نێوان روسەکانی دەسپێکی سەدەی بیستەم وعەرەبەکانی دوای نەمانی ئیستعمار هەمان کەوتنە ژێرکاریگەری راڤە دەکات.

دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد، بە تایبەتیش لە سالانی دوای 11 ی سێپتێمبەری 2001دا ، کەرتگەلێك لە رۆشنبیران و چالاکانی خۆرهەلات سەرسامییەکی گەورە و ناڕەخنەگرانە بە دیار دەخەن لە راست لیبڕالیزمی تێکۆشەرانەی هاوشێوەی ئەمەریکی کە لە هیچ شتێکیدا جیاواز نییە لەو سەرسامییەی کە پێشترهەیانبوو بەرانبەر شیوعییەتی سۆڤییەتی. ئەوانەی لەمبەرەوە بۆ ئەوبەرچوون ، کە هێشتا دەسبەرداری هەمان مەیلی تێکۆشەرانەی جاران نەبوون، ئەژماریان کەم نییە.پێدەچێ ئەم لیبڕالیزمە چارەسەرێك بێت بۆ سۆسیالیزمی دەولەتی لە بارودۆخی هەلوەشانەوەیدا لەلایەك و،لە لایەکی تریشدا چارەسەرێك بێ بۆ ئەوەی وا پێویستدەکات کە تەشەنەکردنی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی بێ. جا هەروەکو چۆن (سۆسیالیزم)بیرو باوەڕی چڕبوونەوەی دەسەلات بوولە دەستی رۆشنبیرو سەربازانی پۆپۆلیست ، لیبڕالیزمیش بەتایبەت لە نێو بەرگی نوێ دا (کە دژایەتی تۆڕەکانی پاراستنی کۆمەلایەتی دەکا و سەرگەرمی بەرنامەی " تەبایی واشەنتۆن"ە)، پێدەچێ پالێوراوبێت تا ببێتە باوەڕی ئەو توێژانەی سەرسام بوون بە سەردەمانی پۆپۆلیستی

و ئەمرۆش سوود لە هەڵوەشانەوەی ئابووری و سەرکوتکارییەکەی وەردەگرن تاکو شوێنێکی باشتر وەدەستبهێنن لە ئابووری و دەسەڵاتی سەردەمی دوای پۆپۆلیزم .بەڵام لە راستیدا باوتر ئەوەیە کە ئەوەی ناوی لێدەنێین لیبڕالیزمی بەسەرچوو- کە باوەڕێکی توندڕەوانەی کۆمەڵانێکی دابڕاوە- سەرگەرمی روبەڕووبوونەوەی ((فەندەمێنتالیزمی توندڕەوانەیە )).

جۆری سێیەمی لیبڕاڵی لای ئەو کەسانە بەدیدەکرێت کە ئامادەگی خۆیان ناشارنەوە بۆ بەشداربوون لە پلانەکانی ئەمەریکاو، راوکردنی پارەی ئەمەریکی و،گەڕان بە دوای وەدەستهێنانی رۆڵێکی سیاسی لە وڵاتەکانیاندا لە ژێر چەتری ئەمەریکیدا. بە کورتی لیبڕاڵیزمی هێرشبەر لە سەردەمی دوای شەڕی ساردەوە بەڵێنی جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕانە رادەگەیەنێت کە شیوعییەت چیتر ناتوانێ بەڵێنی وابدات کە بریتییە لە : گۆڕینێکی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و جیۆسیاسی قووڵ.

لە سەرجەمدا ، پێدەچێ هەڵبژاردە خۆرهەڵاتییەکان ئەو شتانەیان لە خۆرئاوا وەرگرتبێ کە کەمتر دەگونجێن. ئیدی بۆ ئەوەی لە واقع تێبگەیین پێویستە نەشونماو پێکهاتەی هەڵبژاردەتازەکان لە کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵات شەن وکەوبکەین و،لە رەوت وسیستەمی پرۆسێسی تازەبوونەوەی کۆمەڵایەتی وسیاسی و هزریش ڤەکۆڵین.بە مەرجێ ئێمە لەو بارەیەوە تەنها تاکە توخمێکی راڤەکردن دەگرینە بەرچاو کە ئەویش پێویستییەکانی هەڵبژاردەی تازەیە لەبواری بیروباوەڕەوە، مەبەستم داواکارییەکانیەتی لە بواری هزرو مەعنەویدا کە پەیوەستن بە ناسینی خودی خۆی و،پێداویستییەکانی لێکجیاکردنەوەی کۆمەڵایەتیانەی خۆیی و یەکبوونی ، وێڕای تێربوونی لە رووی قەناعەت پێهاتنەوە بە لە ئەستۆگرتنی پەیامێکی گشتی کە ئەم داواکارییانەو هیتریشی تێدا تێربکات .

پێداویستییە بیروباوەڕییەکانی هەڵبژاردە سەربەخۆییەکی دووڕووانەی هەیە: لە لایەنی یەکەم ، ئەوەی کە رەنگە بە پێداویستی کۆمەڵایەتی بابەتییانە وەسف بکرێت کە دەکرێ لێکۆڵینەوەی زانستی و گفتوگۆی گشتی کراوە روونی بکاتەوە ، لایەنی دووەمیش لە بارەی ناوەڕۆکە چۆنایەتییەکانی مەزهەب وسیستەمەکانی هزرە کە رەنگە ئەو پێداویستییانە تێربکات.ئەم سەربەخۆییە ئەوەمان بۆ راڤەدەکا کە رەنگە ئێمە لە یەکێکیانەوە بەرەو ئەویتریان وەرچەرخێین،لە شیوعییەتەوە بەرەو عەلمانیەتی شەڕکەر، یان لە نەتەوەگەری و شیوعییەتەوە بەرەو لیبڕاڵیزمی

تێکۆشــەرانە، بێئــەوەی بــە ململانێیــەکی رۆحــی وقۆنــاخی سەرسـوڕمان وگومانــەوە تێپەڕین و، بێئەوەش کە هەستی ئیشکالی وەدەست بهێـنین. ئیدی گـرنگ ئەوەیـە کـە ئــەو مەزهەبانــە پێداویـستییەکانی یــەکانگیری وپێناسـی خـودی تاکایــەتی(فردیــە) و کۆیــەتی (جماعیــە) دابینبکــەن نەوەکــە داواو چــەمك وپرانـسیپە تایبەتــەکانی .بـە گوزارشــتێکی دیکــە ئــەو ئەرکانــەی ناســنامە پێکــدەهێنن گــرنگن نەوەکــە ئەرکــە بەرنامەیی و تیۆرییەکانی. هەمیسان ئـەم سـەربەخۆییە سەرنجڕاکێشی هەریەکە لـە نەتەوەگــەری چییەتی و عەلمانیــەتی تێکۆشــەرو شـیوعییەتی جــەنگاوەرو لیبڕالیزمـی شۆڕشــگێڕانە راڤــە دەکــات. ئــەو (مەبەســت ئــەو ســەربەخۆییە)لــە دژەکــانی خــۆی ئامادەترە بۆ تێرکردنی داواکاری و پێداویستییە بیروباوەڕییەکان ، کە پترە لەوەی کـە چـــەمکی گرێبەســـتایەتی ئوممـــەت و، وێناســـازی میانڕەوانـــەی عەلمانییـــەت و، بەرنامەیـــەکی چاکـــسازی سۆسیالیـــستانە ولیبڕالیزمێکـــی رۆشـــەنگەر بـــەڵێنی وەدەستهێنانیان دەدات.

مەزەندەی ئێمە ئەو بۆچوونە پەسەند دەکا کە پێداویستی بیروباوەڕیانەی هەڵبـژاردە بــە ئەنــدازەی کــارابوونی کۆمەڵایــەتی و داهێنــانی رۆشـنبیرانە توانــای نوێبوونــەوەی هزریی گەورە دەبێ.جا هەڵبژاردە چالاکەکان جێنشین دەبن ، بەڵکو جیهانێکی تایبەت بەخۆیانەوە دەگرن کەهیچ دەستوورێکی نییە و بیروباوەڕکەیان بۆیانی دابـین دەکـات، بــە هــەمان ئەنــدازەش نــاتوانن جێنــشین بــن وکاربکــەن لــە جیهــانی هاوبەشــدا .هـیچ گومانی تێدانییە کە پێچەوانەکەی دروستە.چونکە کــەنگێ دەرفــەتی کــارتێکردن لــەم جیهانــەدا بــەرفراوان بێــت ئــەوا پێداویـستییە بیروباوەڕییـە خودییــەکان پاشەکــشێ دەکــەن، یــان تێربــوونی خۆیــان لــە ناسـینی واقـع وکــارتێکردنی وکــارکردن تیایــدا دەدۆزنەوە.

لەوانەشــە جێگیربــوونی بەرزبوونــەوەی خواســت لــە ســەر بیروبــاوەڕیش راڤــەی بــە دەگمەن جێگۆڕینمان بێت - مەبەسـتم رۆشـنبیری رۆژهـەڵاتی و عەرەبـە بەگشتی- لـە بازنەی بیروباوەڕەوە بـەرەو بازنــەی مەعریفـە وهەوڵدان و شـیکردنەوەی نۆژەنبـۆوە. ئێمە لە بیروباوەڕێکەوە دەچینە یەکیتر یان مەبدەئەکانمان دەپارێزین و لە نێوهەمان بازنەی بیروباوەڕدا دەمێنینەوە.هەندێکمان مەبدەئین ، ئەوانەش کە لـە نێومانـدا بـێ مەبـدەئن ، زۆربــەیان پێڕەوانــی مەبــدەئێکی دیکــەن کــە نەرەخنــە گــرەو مەبــدەئیش بەرهــەم دەهێنێــت. هێــشتا راســتە گــەر بڵــێین رۆشــنبیرانی رەخنــەگر لــە وڵاتــە

عارەبییەکاندا ژمارە و کارایيان سنووردارەوئەوان بەردەوام دووچاری پەستان و فشاری خودان مەبدەئەکان ودەسەلأتداران دەبنەوە .
نەتەوەگـەریی ئـەڵمانی و سۆسـیالیزمی روسـی شکستیان هێناوپێویـستە نیـو سـەدەی دیکـەش بـە فـیرۆ نـەدەین تـاکو عەلمانییـەتی فەرەنـسی و لیبرالیزمـی ئەمـەریکی شکستهێنانی خۆیانمـان بـۆ بـسەلمێنن. بـەلأم داواش ناکـەین نەتەوەگـەری لـە فەرەنـسا بخوازین و عەلمانییەت لە بەریتانیا و سۆسیالیزم لـە سویدو لیبرالیـزمیش لـە سویـسرا .ئەوەی ئێمە دەیخوازین ئەوەیە کە کاربکەین بۆ سەراوژێرکردنی سیستەمی تازەگەری هزریمـان بـەوەی کـە: چـەمك بەسەرتێگەیـشتن زاڵ نەکـەین و مـەعقولیش بـە سـەر هەسـتپێکراو بـەڵکو بـە پێـچەوانەوە : تێگەیـشتن لـە چـنگی بیروبـاوەڕو سیـستەمە ئامادەکانی هـزر رزگاربکـەین وبـەرەنگاری دیکتاتۆریـەتی مەعقولـەکان ببینـەوە تـاکو دووبـارە هەســتپێکراو بدۆزینــەوەو رێــزی هەســتەوەرەکان (الحــواس) وەدەســت بهێنینەوە..